

# سەبارەت بە
# چاك و خراپ
# لە جیهانی مۆڕالی و فیزیكیدا

لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

**ئێمە لێرەدا لە پێش یەكێك لە سەختترین و گرنگترین پرسیاردا وەستاوین. ئەم پرسیارە سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی لە خۆی دەگرێت. زۆر گرنگتر ئەوەیە دەرمانێك لەدژی خراپەمان بدۆزینەوە، بەڵام دەرمانێك بوونی نییە، ناچارین لە رەچەڵەكەكەی بكۆڵینەوە. سەبارەت بەو رەچەڵەكە لە سەردەمی ((زاراۆسترەوە)) و بە روخسار بێت بەر لەویش دەمەقاڵی كراوە.**

بۆ روونکردنەوەی ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی چاک و خراپ، دوو جەوهەری بنەڕەتیان بە مێشکدا هات، ئۆرۆمازێس، داهێنەری تیشک، و ئاریمانێس، داهێنەری زوڵمەت؛ هەروەها قوتوەکانی پاندۆرا، هەردوو بەرمیلەکەی زۆیس، قەپەسێوە قەدەغەکەی حەواو، هەروەها چەند سیستەمێکی دی لەو جۆرە. (بایلێ) ی بەناوبانگ، یەکەم زانای ژیربێژیمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا یەکێک نەبووە، لە فەیلەسوفە هەرە مەزنەکانمان بەشی خۆی خستۆتە بەر تیشک، کە دەبێت بۆ مەسیحیەکان، کە تەنها یەک خواو لەڕاستیدا یەک خوای چاک و یەکسان دەپەرستن، چەند سەخت بێت، تاکو بتوانن دژهوتەکانی مانیچیەکان ڕەتبکەنەوە، کە دوو خوداوەندیان قەبوڵ کردووە، یەکێ باش و یەکێ خراپ.

سیستەمی مانیچیەکان، ئەگەرچی چەندە کۆنیش بێت، بە پێی جەوهەرەکەی لە هیچ شتێکدا ژیرانەتر نییە. دەبێت بیردۆزی ماتماتیکیان داهێنابێت، تاکو زاتی ئەم ڕستەیە بکەن: ((دوو بونەوەری هەرەباڵای پێویست هەن، هەردووک ناکۆتاو لە دەسەڵاتدا ئەمیان وەک ئەوەی تریان، کە لەگەڵ یەکدا جەنگیون و دواجار لەوەدا پێک هاتوون، کە بەسەر ئەم ئەستێرە بچکۆلانەیەدا یەکیان گەنجینەی چاکەو ئەوی تریان قوڵایی خراپە دابرێژنە خوار))

لەڕێی ئەو هیپۆتێزەوە بێهودە لەدوای شیکردنەوەی هۆکاری چاک و خراپ دەگەڕێن. ئەو ئامانجە پتر ئەفسانەی پرۆمۆتۆیس پێی دەگات، هەر هیپۆتێزێک کە لەوەدا کۆمەکمان دەکات، سەبارەت بە شتێک بدوێین، کە ناچێتەوە سەر چەند پرینسیپێکی بنەڕەتی دیاریکراو، شایستەی سەرزەنشتە.

خۆ ئاشکراکردنی خودا ((دوابەشی



ڤۆلتێر

ئینجیل)) ی لێدەرچێت، کە بەدوایدا مرۆڤ دەبێت بـاوەڕ بە هەموو شتێک بێنێت، مامۆستا مەسیحیەکان بنچینەی چاک و خراپ باشتر روون ناکەنەوە، وەک لە شوێنکەوتوانی زاراۆستەر.

کە لەگەڵ دەڵێن، خودا باوکێکی ناسکە، فەرمانـڕەوایـەکـی یەکسانە، کـە لەگەڵ دەیانەوێت ئەو خۆشەویستی و چاکیە لەگەڵ ئەو عەدالەتە بە خۆیان ئاشنایەی کە بەپێی پێوەری ئینسانە، لەگەڵ گوزارەی ((ناکۆتایی)) پەیوەست بکەن، دەکەونە قێزەونترین ناکۆکییەوە. ئەو فەرمانڕەوایە بـەو هـەمـوو پـڕیـەی لـە یـەکـسـانـی، بە پێوەری تێگەیشتنەکانی ئێمە، ئەو باوکە پڕ لە ناسکییە ناکۆتایە بۆ منداڵەکانی، ئەو بونەوەرە بەدەسەڵاتە ناکۆتاییە چۆن دەیتوانی مەخلوقگەلێک لەسەر وێنەی خۆی بانگ بکاتە ناو ((بـوون)) هوە، بۆئەوەی لەحزەیەک دواتـر لەڕێی بوونەوەرێکی خراپەکارەوە بخرێنە ناو داوی فریودانەوە، بۆئەوەی ملکەچی ئەو مەیلەیان بکات، بۆ ئەوەی ئەگەرچی خۆی بە نەمری دروستی کـردوون، بیان مرێنێت، بۆ ئەوەی دواجار نەوەکانیان لە دەردەسـەری و تاوانـدا نقوم بکەن؟

ئێمە لـێـرەدا بـاس لـە ناکۆکییەکی دی ناکەین، کە بۆ مێشکە لاوازەکـانـمـان نیگەرانکەرترە. خوایەک، کە دواتر رەگەزی مرۆڤ لەڕێی مەرگی تاقە رۆڵەکەیەوە پاک دەکـاتـەوە، یاخود پتر لـەوە، خۆی دەبێتە مرۆڤ و لەپێناوی مرۆڤەکاندا دەمرێت، چۆن دەتوانێت، من دەڵێم، چۆن دەتوانێت، رێک ئەو رەگـەزی مرۆڤە، کە خۆی لەپێناویدا مـــردووە، وەخـتـە بڵێم بـەبـێ جـیـاوازی هەریەکەیان بخاتە بەر سامناکی ئەو ئازارە ئەبەدیانەوە؟ بێشک ئێمە تەنها لە گۆشەی نیگایەکی فەلسەفیەوە لـەو سیستەمە دەڕوانین (بەبێ کۆمەکی باوەڕ)، بەو جۆرە ناتوانیت شتێکی قێزەونتر و دزێوتر وێنا بکەیت. ئەوە یاخود خوا دەکات بە خودی خراپەو لەڕاستیدا بە خراپەیەکی ناکۆتا، کە بونەوەری خاوەن فکری دروست کردووە، تاکو بۆ هەتا هەتایە نابەختەوەریان بکات، یان بە خودی بێهۆشی و گەوجی، کە نە توانیویەتی پێشبینی بەدبەختی بونەوەرەکانی خۆی بکات، نە توانیویشیەتی لەو بەدبەختییە بیانپارێزێت، بەڵام ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ بەدبەختیەکی ناکۆتادا نییە، بەڵکو تەنها لەگەڵ چاک و خراپدا. یەک مامۆستای ئـەو هەموو کەنیسانە، کە سەرجەمیان لەسەر ئەو خاڵە لەگەڵ یەکدا لە شەڕدان، نەیانتوانیوە هەتا ئێستا دین بەیەک تاقە کەسی ژیر بسەلمێنێت.

مرۆڤ تێناگات، (بایلێ)، کە زانیویەتی چەکەکانی دیالێکتیک و ژیریێژی هێند لێهاتوانە بەکاربهێنێت، چـۆن تەنها بـەوە رازی بـوو، لێگەڕێت مانیچییەک، کالڤینیستێک، مۆلینیستێک و سۆسینیانیەک ئەرگومێنت بخەنەروو (لە بایلدا تێبینی بابەتەکانی مانیچیەکان، مارسیۆنیستەکان و پاولیسیانەرەکان بکە) بۆچی لێناگەڕێت کەسێکی ژیر بدوێت؟ بۆچی بایل خودی خـۆی قسە نـاکـات؟ ئەگەر خـۆی قسەی بکردایە، قسەکانی لەسەر ئەوەی کە ئێمە ئێستە هەوڵ دەدەین مشتومڕی بکەین، زۆر تەواوتر دەبوون.

باوکێک کە منداڵەکانی خۆی دەکوژێت، دێوەرەیە. پادشایەک کە ژێر دەستەکانی خۆی

**باوکێك كە منداڵەكانی خۆی دەكوژێت، دێوەرەیە. پادشایەك كە ژێر دەستەكانی خۆی دەخاتە داوەوە، تاكو بەهانەیەكی هەبێت، سزایان بدات، ستەمكارێكە جێی نەفرەتە....**

دەخاتە داوەوە، تاکو بەهانەیەکی هەبێت، سزایان بدات، ستەمکارێکە جێی نەفرەتە، ئەگەر ئێوە لە خوادا مەرجی هەمان چاکیتان هەبێت، کەلە باوکەکانتان دەوێت، ئەگەر لە خـوادا مەرجی هەمان عەدالەتدان هەیە، کە لە پادشاکانتان دەوێت، ئەوا هەر ڕێگایەک بۆ سەلماندنی چاکی خواکەتان بونبەستە، هەروەها ئەگەر ژیری و چاکی ناکۆتای دەدەنێ، ئاوا ئێوە تەنها دەیکەنە بوغزاویەکی ناکۆتا. ئێوە ئەو مرۆڤە وا لێ دەکەن بڵێت خۆزگە خودا نەبایە. ئێوە چەک دەخەنە دەستی ئەو کەسانەوە کە حاشا لە بوونی خودا دەکـەن، ئەو حاشاکەرانەش هەردەم لەسەر حەق دەبن، کە پێتان بڵێن: ((باشترە هیچ خـودایـەک قبوڵ نـەکـەیـت، وەک لەوەی هەڵسوکەوتێکی لەو شێوەیەی بەسەردا بێنیت هەڵسوکەوتێک، کە ئەگەر لە مرۆڤەکاندا بوایە، ئەوا ئێوە سزاتان دەدان.))

کەوا بێ با بەر لە هەرشت کۆی بکەینەوە: بەجێ نییە، ئاوەڵناوی مرۆڤی بە خـوداوە بلکێنین، بەجێ نییە، خـودا لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین. عەدالەتی مرۆیی، چـاکـەی مـرۆیـی، ژیـری مـرۆیـی، گواستنەوەی ئەو هەمووە بۆ سەر ئـەو ئەستەمە. ئەگەرچی مرۆڤ بتوانێت پانتاییەکی ناکۆتا بەو کوالێتی و سیفاتانە ببەخشێت، هەمیشە هەر سیفاتی مرۆیی دەمێننەوە، کە ئێمە تەشەنەیان پێدەدەین. ئـەوە لەوە جوداتر نییە، کە وەک ئەوەی ئێمە بمانەوێت چرییەکی ناکۆتا، بزێویەکی ناکۆتا، خرییەکی ناکۆتا، کەرتبوویەکی ناکۆتا بە خــوداوە بلکێنین. ئەو ئاوەڵناوانە تەنانەت بۆ ئەویش نەشیاون.

فەلسەفە فێرمان دەکـات، کە ئـەم دنیایە دەبێت ئەساسەکەی لـە بـوونـەوەرێـکـی ئـەبـەدیـەوە پێگەیشتبێت، کـە دروسـتـبـووی سروشـتـی خۆیەتی و جێی حاڵی بوون نییە، بەڵام وەک وتم، سروشت زانیاریمان سەبارەت بە ئاوەڵناوەکانی ئەو سروشتە ناداتێ. دەزانین کە چی نییە، بەڵام نازانین چییە.

بۆ خـودا چاک و خـراپ بوونی نییە، نە فیزیکی نە مۆڕاڵی.

خـراپـەی فـیـزیـکـی چـیـیـە؟ سـەرگـەورەی هـەرە خراپەکان بە شێوازێکی حاشاهەڵنەگرانە مەرگە. ئێمە ئێستە دەمانەوێت بزانین، ئاخۆ دەشێت مرۆڤ نەمر بوایە.

ئەگەر جەستەیەک، وەک ئەوەی ئێمە، ناکۆتا و ناڕاگوزەر بێت، ئەوا بۆی نەدەبوو لە بەش بەش پێک هاتبێت. بۆی نەدەبوو لە دایکبووبێت، بۆی نەدەبوو بخوات، بۆی نەدەبوو توانای گەورەبوون و گۆڕانکاری هەبێت.



هیرۆنیمۆس

لەو هەمموو پرسیارانە بپشكنن، كە هەر خوێنەرێك دەتوانێت سەربەخۆ فراوانیان بكات و ئیدی مرۆڤ ئێستێك دەكات، كە ئەو رستەیە، گوایە مرۆڤ دەتوانێت نەمر بێت، ناكۆكییەكی تێدایە .

ئەگەر جەستە ئۆرگانییەكەی ئێمە نەمر بایە، ئەوا ئەوەی ئاژەڵەكانیش نەمر دەبوو، بەڵام ئێستە ئەوە لەبەر تیشكدایە، كە ئیدی تۆپی زەوی بەو زووانە هێندەی بوونەوەر دەبوو، كە چیتر نەیدەتوانی خواردنیان بداتێ. ئەو بوونەوەرە نەمرانە، كە لەرێی نوێبوونەوە بەهۆی خۆراكەوە بەردەوامییان بەژیان دەدا، بەهۆی كەموكوڕی كەرەسەوە لەناو دەچوون. ئەمانە هەمووی شانەیەكن لە ناكۆكی. پتریش سەبارەت بەمە دەوترێت: هەر خوێنەرێك، كە دروست بیردەكاتەوە، دەبینێت، كە مەرگ بۆ هەموو لەدایكبوویەك شتێكی فەرمانییە، كە مەرگ نە دەشێت هەڵەیەكی ئیلاهی، نە خراپە، نە نایەكسانی، نە داوێنپیسی مرۆڤ بێت.

كە لەدایكبووە بۆ ئەوەی بمرێت، مرۆڤ چەند دەتوانێت لە ئـازار هەڵبێت، هەر ئەوەندەش دەتوانێت لە مەرگ هەڵبێت، ئەگەر مادەیەكی ئۆرگانی بە بەهرەی هەستەوە هەرگیز هەست بە ئازار نەكات، ئەوا سەرەتا دەبێت هەموو یاساكانی سروشت خۆیان بگۆڕن: ئەوا دەبێت مادەكە چیتر توانای كەرتبوونی نەبێت، دەبێت نە سەنگ نە جوڵە نە هێز چیتر بوونیان نەمێنێت، ئەوا دەبێت گاشەبەردێك بەسەر ئاژەڵێكدا بكەوێت، بێ ئەوەی بیفلیقێنێت، دەبێت نە لەرێی ئاوەوە بخنكێت، نە لەرێی ئاگرەوە بسوتێت. مرۆڤێك كە بۆ ئازار هەستی نییە، گوزارەیەكی هێندەی ((مرۆڤێكی نەمر)) ناكۆكە.

هەستی ئازار پێویست بووە، بۆ ئەوەی یاسای خۆهێشتنەوەمان توندتر بكەین و هەستی هێندە ئاسودەبەخش بۆ خۆمان بخولقێنین، هێندەی ئەو یاسا گشتیانە رێ دەدەن، كە هەموو شتێك ملكەچیانە.

ئەگەر هەستمان بە ئازار نەكردبا، ئەوا هەموو لەحزەیەكمان بەهەدەر دەدا، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بكەین. بەبێ سەرەتای ئازار، رێكخستنی ژیانمان نەدەكرد، بەكەسی دیـمان رانەدەگەیاند، خۆشی و چێژمان نەدەناسی. برسییەتی ئازارێكی دەستپێكەرە، كە وامان لێدەكات، خۆراك بخۆین، بێزاری ئـازارێـكـە، كە زۆرمــان لێدەكات خۆمان سەرقاڵ بكەین،خۆشەویستی پێویستییەكە، كە دەبێت بە ئازاربەخش، ئەگەر ئاسودەی نەكەین. بـەكـورتـی، هـەمـوو خواستێك پێویستییەكە، ئازارێكی دەستپێكەرە. كەوابێ ئازار یەكەم بزوێنەری هەموو ئەتەكییەتە ئاژەڵیەكانە. هەموو ئاژەڵێكی بەهرەداری بە هەست مەرجە ملكەچی ئازار بێت، ئەگەر مادەكەی توانای كەرتبوونی هەبێت. بەوپێیە ئازار هێندەی مەرگ پێویستە. كەوابێ نە دەكرێت سەهووی پێشبینیەك، نە دەكرێت خراپە، نە دەشكرێت سزایەك بێت، ئەگەر ئێمە تەنها بماندیایە ئاژەڵەكان دەناڵێنن، ئەوا سكاڵامان لە سروشت نەدەكرد، ئەگەر خۆمان بێ هەست و نەست بووینایە، گەواهی مەرگی لەسەرخۆ و ئـازاراوی ئەو كۆترانە دەبووین، كە واشە بەسەریاندا دادەبـارن، بۆ ئـەوەی لەپێناوی ئاسودەیی خۆیاندا هەناویان داپچڕێنن، جگە لەوەی كە خۆمان دەیكەین، هیچی دی نەكەین، ئالەویادا بە مێشكماندا نایەت، لەسەر ئەوە مرقەو

**فەلسەفە فێرمان دەكات، كە ئەم دنیایە دەبێت ئەساسەكەی لە بوونەوەرێكی ئەبەدییەوە پێگەیشتبێت، كە دروستبووی سروشتی خۆیەتی و جێی حاڵی بوون نییە...**

بۆڵەمان لێوە بێت، بەڵام بە چ هەقێک دەبێت جەستەی ئێمە شتێکی لە پێش ئاژەڵەکانەوە هەبێت و نەکرێت وەک ئەوان بپچڕێنرێن؟ تەنها لەبەرئەوەی لەزەیندا بەسەر ئەواندا زاڵین؟ بەڵام ئایا لێرەدا زەین چی پەیوەندی بە مادەی کەرتبووەوە هەیە؟ ئایا دەکرێت یان مەرجە کەم تا زۆر چەند گوزارەیەکی ناو مێشک رێ لەوە بگرن، کە ئاگر بمانسوتێنێت، یاخود گاشەبەردێك بمانفلیقێنێت؟

خراپەی مۆڕاڵی، کە هێندەی لەسەر نوسراوە، لە بنەڕەتدا لەگەڵ خراپەی فیزیکیدا هەرەس دێنێت. خراپەی مۆڕاڵی هیچی تر نییە، جگە لە هەستێکی ئازاراوی، کە بوونەوەرێکی ئۆرگانی بە بوونەوەرێکی ئۆرگانی تری دەدات. روتکردنەوە، جنێو و هتد. تەنها کاتێک وەک خراپە حیسابە، ئەگەر بێتە هۆکاری دەرئەنجامی خراپەیەکی لەوجۆرە، بەڵام بەوەدا کە ئێمە بێشک نامانەوێت شتی خراپ بخەینە پاڵ خوا، ئەوا عەقڵ روون وەک رۆژی روناک نیشانمان دەدات (باوەڕی لێدەرچێت، باوەڕ شتێکی تەواو جیاوازە)، کە پەیوەستە بە بوونەوەری باڵاوە ناشێت خراپەی مۆڕاڵی بوونی هەبێت.

بەوەدا کە سەرگەورەی خراپەی فیزیکی مەرگە، ئەوا سەرگەورەی خراپەی مۆڕاڵی جەنگە. جەنگ هەموو تاوانەکان بەدوای خۆیدا کێش دەکات، بێ حورمەتی و بوختان لە راگەیاندنی جەنگەکاندا، شکاندنی پەیمان لە رێکەوتنەکاندا، تاڵانی و وێرانکاری،


ڤۆلتێر

ئازار و مەرگ لە هەموو شکڵەکانیدا.

ئـەوە هەمووی خراپەی فیزیکین بۆ مرۆڤەکان، بـەڵام پەیوەست بە خـوداوە هێندەی ئەوە خراپەی مۆڕاڵین، وەک تورەیی ئەو سەگانەی، کە لەناو خۆیاندا یەکدی بەر قەپ دەدەن. ئـەوە چەندە هەڵەیە، هێندەش ناچیزییەکی لاوازە، کە بڵێیت، تەنها مرۆڤ دەستیان ناوەتە بینی یەکەوە. گورگ، سەگ، پشیلە، کەڵەشێر، سوێسکە هتد. لە ناو خۆیاندان، لەناو توخمی خۆیاندا لە جەنگدان جاڵجۆڵەکە هەن یەکدی دەخۆن، وەختە لەناو هەموو ئاژەڵەکاندا نێرینەکان لەسەر خاوەندارێتی مێینەیەک لەیەک بدەن. ئەم جەنگە دەرئەنجامی یاساکانی سروشتە، دەرئەنجامی ئەو رێکخستنانەن، کە لە خوێندان، هەموو شتێک لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندیدایە، هەموو شتێک پێویستە.

سروشـــت، ئـەگـەر ئەمە لـەوەی دیـدا حیساب بکەیتەوە، نزیکەی 22 ساڵی تەمەن بە مرۆڤ بەخشیوە، ئەمە واتای: لە 1000 منداڵدا، کە لە یەک مانگدا لەدایک دەبن، هەندێک لە ناو بێشکەدا دەمرن، هەندێکی دی هەتا 30 ساڵی دەژیـــن، هەندێکی هەتا 50 ساڵی، هەندێکی دی 80 ساڵ، بە شێوازێک ئەگەر مرۆڤ معەدەلەکی حیساب بکات، ئەوا بۆ هەر یەکێک نزیکەی 22 ساڵ ئەنجامەکەیەتی.

ئیدی خوا چی بەسەر ئەوەوەیە، ئاخۆ مرۆڤ لە جەنگدا یاخود بە تا یەک دەمرێت؟ جەنگ خەڵکی کەمتر رادەدات وەک لە لووەکان. دەردی جەنگ راگــوزەرە، بەڵام دەردی لووەکان سەروەرێکی لەبنەچووی سەرتاپای زەوییە دەردەکانیش بە شێوەیەک یەکیان گرتووە، کە ژمـارەی معەدەلی 22 ساڵی ژیـان دەشـێ بە گشتی بۆ هەمیشە بخوات.

ئێوە دەڵێن، مرۆڤ خودا ناشرین دەکات، بەوەدا کە کەسێ داهاتووی خۆی دەکوژێت. ئەگەر وابێت، ئەوا فەرمانڕەوای نەتەوەکان ڤێزەونترین تاوانکارن، چونکە ئـەوان بۆ بەرژەوەندی ناچیز، بۆ ویست و خواستی پرو پوچ، کە هەق بوو کۆڵی لێبدەن، چەندین هاوتوخمی خۆیان ڕەوانەی سەربڕین دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی خوا دەهێنن. چۆن تەنها لەڕێی ئەوەوە (ئەگەر فەیلەسوفانە قسە بکەین) خـودا نـاشریـن دەکـرێـت؟ هـەروەک پڵنگ و تیمساحەکان ناشیرینی دەکەن؟ هەڵبەت ئەوە خوا نییە، کە ئەوان ئازاری دەدەن، بەڵکو کەسی داهاتوو، کەسی هەرە نزیکیانە. تەنها بەرامبەر بە مرۆڤ، مرۆڤ دەتوانێت تاوانبار بێت. جەردەیەکی سەر جـادە ناتوانێت دزی لە خوا بکات. بوونەوەری ئەبەدی چی لەوەدا دەبینێتەوە، ئاخۆ مشتێک کـانـزای زەرد لـە دەستی ((هیێرۆنیموس)) یاخود ((بۆناڤێنتورا)) یە. ئێمە خاوەنی خواستی پێویست، بەجۆشی پێویست، یاسای پێویستین، تاکو دەمکوتیان بکەین و لەکاتێکدا لە شارەمێرولەکەماندا لەسەر دەنکە گەنمێک دان لەیەک تیژ دەکەینەوە، کەون ڕەوتـی خۆی دەڕوات، لەسەر یاسای ئەبەدی و نەگۆڕ، کە ئەو ئەتۆمەش ملکەچییەتی، کە ئێمە بە زەوی ناوی دەبەین.

سەرچاوە:
http://de.wikisource.org

خراپەی مۆڕاڵی، کە هێندەی لەسەر نوسراوە، لە بنەڕەتدا لەگەڵ خراپەی فیزیکیدا هەرەس دێنێت. خراپەی مۆڕاڵی هیچی تر نییە، جگە لە هەستێکی ئازاراوی، کە بوونەوەرێکی ئۆرگانی بە بوونەوەرێکی ئۆرگانی تری دەدات